زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil


زانکۆی سەلاحەددین

کۆلیژی ئاداب

بەشی جوگرافیا


قۆناغی دووەم

# جوگرافیای دانیشتوان

## ماموٚستای بابەت


*لۆزان حسن عبدالرحمن*

# جوگرافیای دانیشتوان

ئاسان نیه جوگرافیای دانیشتوان لەلقەکانی تری جوگرافیا جیابکەینەوە ، ئەوەش بەهۆی سروشتی لێکۆلینەوە لە دانیشتوانییەکان کەهاوبەشە لەگەل زانستەکانی تر.

دانیشتوان لەهەمووبواریك ئامانجی لێکولینەوەن کەچۆن مرۆڤ پێش بخرێت لەهەمووبوارەکانی جوگرافیاوەکو( ئاو– خاك –سیاسی) کەئەمانە هەمووخزمەتن بۆمرۆڤ. کەواتە دەتوانین بلێن موشکلیەی دنیای ئەمرۆ لەبواری سیاسی–ئابووری –کۆمەلایەتی.... دەگەرێتەوە بۆمرۆڤ، کەئەمەش بۆزیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە کەدەولەت ناتوانێت پێداویستیەسەرەکیەکانی دانیشتوان دابین بکات.یاخود هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆدابەشبوون هەندێك لەزەوییەکان بەپیتن بەشی پێداویستی دانیشتوانەکەی دەکات ئەگەرهاتوو بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت.

# پێناسەی جوگرافیای دانیشتوان

- لەسالی (1966) (زیلنسکی) جوگرافیناس ئەم پێناسەی سەبارەت بەجوگرافیای دانیشتوان خستەروو(ئەوزانستەیە لەورێگایانەدەکۆلێتەوە کەبەهۆیانەوە تایبەتمەندی جوگرافی شوێنەکان پێکدەهێنێ ، هەروەها لە شوێن وکاتدا لەگەل دیاردە دانیشتوانییەکان کارلێك دەکا.

- لەسالی (1972)(جون کلارك) جوگرافیناس ئەم پێناسەی سەبارەت بەجوگرافیای دانیشتوان خستەروو(جوگرافیای دانیشتوان لەدابەشکردن وپێکهاتەو کۆچ وگەشەی دانیشتوان وپەیوەندی ئەوانە بەجیاوازییەشوێنییەکان لەسروشتی شوێنەکان نیشان دەدات ،گرنگی بەجیاوازییە شوێنەکان دەدات.
- لەسالی (1976)(کۆرگۆ)ی جوگرافیناس شتێکی زیاتری خستەسەرئەم پێناسەیەو ووتی( دیمۆگرافیاو جوگرافیای دانیشتوان گرنگی بەیەك بابەت دەدەن ، ئەویش دیراسەکردنی مرۆڤە,جیاوازی ئەم دووزانستە ئەوەیە:دیمۆگرافیا جەخت دەکاتەسەر(کات) ، بەلام جوگرافیا جەخت دەکاتەسەر(شوێن).


# نظرية مالثوس

مالثوس / زانایەکە لەسەدەی نۆزدەم ژیاوە نەزەریەکی داناوە بەناوی(نظرية السكان)بەناوبا نگترین نەزەرییەکە یەکەم راپۆرتی لەسالی (1973) ز دەرچوو،کەبریتی بوو لەئاگادارکردنەوەی خەلك کەرێژەی زیادبوونی دانیشتوان زۆرزۆرە بەبەراوردلەگەل رێژەی زیادبوونی خۆراك .بەلأم خەلك گوی پێنەدەدا رۆژبەرۆژ زیادی دەکرد هەروەها داوای دەکردکەهاوسەرگیری دوابخەن یاخودهاوسەرگیری نەکەن.هەروەها مالثوس ووتی خۆراك زیاددەکات بەشێوەی عددی،بەلأم ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات بەشێوەی هندسی.

# نظرية مالثوس

شێوەی هندسی 3x2= 6 3x6= 18

شێوەی عددی 2+3 =5



- هەروەها **مالثوس** راپۆرتێكی تری بلاوكردەوە لەسالی 1798وەلەدوای مردنی لەسالی 1834 راپۆرتێكی بەناوی(نظرية مالثوس الجديدة) بلاوكرايەوە.**هەروەها لەدوای** مالثوس **چەندراپۆرتێكی تربلاوكرانەوەكەهەموويان هەولدەدەن خۆراك زياتربكەن لەرێژەی دانيشتوان بەلام سەركەوتوونابن.چونكە لەبەرامەردا پياوەئاينيەكان وماركسيەكان دژی ئەم فكرەيە بوون .**

# گەشەی دانیشتوانی جیهان

تیشك دەخەینە سەر گەشەی دانیشتوان هەرلەسەردەمی پێش مێژووەوە تادەگاتە سەردەمی ئیستا، پاشان گەشەی دانیشتوان لەجیهان بەگشتی باس دەکەین تادەگاتەسەرەتای سەدەی بیستەم.

(فریدمان 1974) ئاماژەی بەوەدا ئەورێژە گەشەکردنەی کەدانیشتوانی جیهانی پێ وەسفدەکری بریتییە لە لادانێکی کاتی لەرێژەی گەشەی سالانە کەلەماوەی مێژوویی مرۆڤایەتیدا باوبووە ، پێویستە جارێکی ترلەداهاتوودا وەکوجارانی لێبێتەوە ، دۆخی هەنووکەیی کەشەی خێرایی دانیشتوان لەمێژوویی دیمۆگرافیادا دەگمەن بووە، چ لەرووی گەشەی دانیشتوان وچ لەرووی قەبارە و رەهای دانیشتوانی جیهان.